# دەنگ



ئەمشەو دەنگ دێتە گویَ،
دەنگ دەچزێتە ناخمەوە
دەنگ ئاوێتەی خەیاڵم بووە.
دەنگی گریانی منداڵێکی ساوا،
دەنگی سرووەیەکی ساردی دەمەو بەیانی
دەنگی جریوە جریووی مەلانی دوور لە هێلانە،
دەنگی وەرانی شەونمی سەر ڕووی گوڵەکان
دەنگی نمەنمی بارانی بەهاران،
دەنگی خەزانی پایزان و
بارینی کلۆبەفرەکانی زستان،
دەنگی هاشەو خوڕەی شەپۆلە تورەکانی دەریا،
ئەمهەژێنن
شەو لەلام بێدەنگ نیە،
هەست بەچرپەی پێیەکانی ئاسمان ئەکەم
گوێم لە تریقە تریقی پێکەنینی ئەستێرەکانە
ئەمشەو دەنگ دێتە گوێم
دەنگ دەچزێتە ناخمەوە
دەنگ ئاوێتەی خەیاڵم بووە.
دەنگی  نوزە و گریانی مناڵانی برسی،
دەنگی شیوەنی دایکانی ڕۆڵە کوژراو،
دەنگی تەور و هاواری دارو دارستان،
دەنگی زاڵمی پاسەوان و ئازاری زیندانچیان و
دەنگی فرمێسکی چاوی باوکانی ڕۆڵە نەدیوو،
دەنگی چرکەی کاتژمێر و تێپەڕبوونی باڵای زەمەن
دەنگی شمشاڵی شوانێکی سەرچیا،
ئەمهەژێنن
تەنیایی لەلام بێدەنگ نیە،
هەست بەدەنگی هەناسەی خاک ئەکەم
گوێم لەناڵە و زەنای ڕەگی درەختەکانە

ئەمشەو ، پەستم ، مەستم
گوێم لەخێرایی لێدانی دڵەکانە،
گوێم لە نیازە، لەبەڵێنی عاشقانە،
گوێم لە پاشماوەی ئەنفال وکیمیابارانە
گوێم لە قاسپەی کەوە، لە هەردانە
گوێم لەبەڵێنە. لە پەیمانە
گوێم لەسەربەخۆی خاکی کوردانە
گوێم لەئارەزووی هەناوتانە
ئەی دەنگ، من لەدووتم
بمبە لەگەڵ خۆتا، بمدوێنە
دەست لەباڵات بەرنادەم
ئەی دەنگ ،
گوێ لە بێدەنگی مەگرە
بێدەنگ تاوانبارە،ترسەنۆکە
بەرپرسیاری مێژوومانە
دەنگی من و دەنگی تۆ و دەنگی ئەوان
دەنگی هەق و دەنگی ڕاستی و نەوەستانە
ئەی دەنگ،
گوێم لەدنگی سەر ڕێگەتە.
وای لەگەڵمای،
پشتیوانمی لەدەنگ دانا

جەلال خۆشکەلام